## هێرش کردنەسەر کۆلۆنێل خەتاب عمر. . . بۆ؟ ... دڵشاد حافز

لەندەن

لەوکاتەوەی کە شاری کەرکوك ئازادکراو لەژێرچنگی چەتەکانی بەعس دەربازبوو، رۆڵەکانی ئەم شارە بەوپەڕی گیانی لەخۆبووردویەوە، کەوتنە رێکخستنەوەی دەزگا ئەمنی و ئیداری وپەروەردەیی وخزمەتگوزاریەکان، بە شێوەیەکی شارستانیانە کەوتنە خزمەتی هاولاتیانی شارەکە، ئەم کارە بوو بە مایەیی توڕەیی چەتەکانی سەدام، چونکە هەر خۆیان ئەزانن کە ئەمە لە کەڵچەری ئەواندا نی یە کە کورد بتوانێ ئیش و کارە ئیداری و ئەمنی یەکانی خۆیان بە ڕبەوەبەرن، بۆیە ئەم چەتانە شان بە شانی تیرۆریستانی هاوبیریان سەری دونیایان لێ هاتەوە یەك، کەوتنەدارِشتنی پلانی ڕەش وەکو ڕەنگی ئەوێلیان بۆ لە ناو بردن و کپکردنی دەنگی ئەو تێکۆشەرانەی دوێنێ لە شاخ و ئەمڕۆ لە شار خەبات ئەکەن، زۆریان شەهیدکرد و زۆرتریشیان بریندارکرد، وەزعێکی وایان لەو شارەدا خولقاندوە مەگەر ئەو جۆرە سیناریویانە هەر لە عەقڵ و ویژدانی ئەم درندانەیا بێت. .
یەکێك لەو پیاوە دڵسۆزانەی کەرکوك، کە ئەمە یەکەمین و کۆتای هەوڵی تیرۆریستان نییە کە پلانی ڕەشی بۆ دابرێژن بە نیازی شەهیدکردنی، پێشمەرگەی دێرین کۆلۆنێل خەتاب عمر ە، چونکە تیرۆریستان و هەتیوەکانی سەدام باشی ئەناسن، هەر ئەمەنانە بوون لە کاتی خەباتی سەختی پێشمەرگایەتیدا برایەکی قارەمانی کاك خەتاب بە دیل ئەگرن و لە هەلیکۆپتەرەوە فرێ ئەدەنە خوارەوە، هەر ئەم ناکەس بەچانەبوون وەکو میوانی ناوەخت هەڵیان کوتایە سەر خزم و کەس وکارەکەی و لە کەرکوك دەریان کردن،
ڕاستی یەك هەیە دەبوایە تیرۆریستان بیانزانیبایە ئەویش ( (شەمشەمە کوێرەکان هەلۆکانمان ناترسێنن) ) ، لەو باوەڕەدام کە کاك خەتاب و هاورێکانی هەر سوور ئەبن لە سەر کارەکانیان، ئەم کارە تیرۆریستیانەش زەڕەیەك لە وەرەی پۆلاینیان کەم ناکاتەوە. . .